# کورتە باسێك لەسەر مامۆستا محەمەد نوری

خالید عەسکەری

ئەو دەمەی دەستمدایە پێنووس بۆ نووسین بەزمانی زگماکی خۆم نەمدەوێرا بۆ دەربڕینی، وتەی بەسرتەو خورتە، بەسپایش لەگەڵ کەس باو باوێنێکی بکەم. لەڕۆژی دووهەمی دەلۆدا، لەبیرەوەری جێژنی کۆماری کوردستاندا! خەڵکی کورد، دەستەملانی یەکتر دەبوون. ئەو ڕۆژە منیش بەدەم پەرییەوە پێکەنیم! تریقامەوە، قاقام کێشا، لەخۆبوومەوە، لەو ڕۆژەوە زمانم گرت. پەرییەکەی خاوەن هەستم ڕەوڕەوەی بەپێچکانی دادەستم! کەوتمە دارە دارە پێم هەڵگرت لەخۆشیان هەڵدەبەزیم، دەمگوت (ئەزم، هەڵدەبەزم) لەدڵی خۆمدا هەر تلیلیلانم بوو. ئەو پەرییە خوێن شیرینە بوو بەجێگەی متمانەو مەکۆی ڕازو نیازی تەنیاییمو پاردەی باسو خواسی ژیانی سادەو نیهانیم.

با ئەو ڕاستییە بدرکێنم! لەمێژبوو سەرم بەدەرکاندا دەکرد، لەدیوەخانی کامیل شاوە تا دیداری مام هەژارو مەلا غەفورو هەوارگەی حەقیقی، شەلەباوانو کوێرە باوان، دەهاتمەوە خانەو لانەکەی خوپێگرتووم جێگەی ئێستاو ڕازو نیازو ئاورگی گڕو مەشخەڵی ڕووناکیو خۆشەویستیم. پیری بەبیری ژیرم مامۆستا محەمەدی نووری ئێستاو عەتری گڵۆڵانی دەوری کۆماری کوردستان. ئەو کەسەی پریاسکەی هەزار ڕازی سەر بەمۆرم لەلا کردۆتەوە چونکا لەوێ کەوتبوومە گڕوگاڵ ئەوم خۆش دەویستو خۆشی دەویستم. پێم وا نەبوو پیر دەبێ. ئێستەش بەچاوی منو بەلای منەوە گەنجو بەگوڕە. مخابن ڕوواڵەتی دیاردەی خەمی ئاواتە وەدی نەهاتووەکانو بیرە ڕەوییەوەکانین، ئاهۆ ناڵەی دەکا لەدەست هەڵسوکەوتی ژیان، کە گوڕوتینی لاوەتی تێدا بەخت کردووە. لەدەست زمان لەمافی وەك نەمان لەکاتو سات، لەهەموو ئەوانەی دژی بوونو مانن.. ئێستا هەودای بیرەوەری لەسەر گلۆڵەی خەمەکانی هەڵدەکا. ماشەری بیرەوەرییەکانی لەقۆڵی من کردووەو بەدەستە لەرزۆکەکانی خڕیان هەڵدەداو گردو کۆیان دەکاتەوە. ئەو فێری گڕوگاڵی کردم، بۆ پێهەڵگرتن باڵیگرتم منیش بەڕەسمی وەفا بوومە گوچانی پیری ئەو تا سەری هەودای پساوی گویزاتەوە. پێك هاتووین سەرمان پێکەوە ناوە، ئەو حاکمەو من کاتیب. شیعرو بەستەو ڕستانی بۆ دەنووسمەوە دەیکەینە ناوەرۆکی پەرتووکان تا لەڕۆژی خۆیدا بکرێتە کتێبو ڕۆڵە کوردی خاوەن هەست کەڵکی لێوەرگرن.

مامۆستا نووری پەروەردەی داوێنی چیا سەرکەشەکانی کوردستانە 77ساڵ لەمەوبەر لەئاوایی گڵۆڵان سەر بەقەزای بۆکان لەدایك بووە. دڵو مێشکی بە بەرامەی وەنەوشەو شلێرەو گوڵە گەزیزە، مێلاقەی وڵاتە پەشمینە پۆشەکەی زاخاو دراوە. جوانی ناسو خاوەن هەست سەر بڕ لەشۆر دڵ پڕ لەهەستی گەلو‌نیشتمان پەروەری.

لەڕێکەوتی خەرمانانی 84ی هەتاوی لەلایەن کۆمەڵی ئەدەبی.. بڕیاربوو کۆڕێکی ڕێزلێنانی بۆ بگرن بەو کۆڕە نارازی بوو تۆ لەبری من بچۆ هەرچی گوتت وەکیل بە. بڵێ ڕێزم لێنەگرن. چووم‌و ئەم وتارەم لەکۆڕی ناوبراو خوێندەوە. دەقی نووسراوەکەم ئاوا دەست پێدەکا:


مامۆستا محەمەد نوری

راسپاردەم چم لەسەر نییە

کوانێ دەنوێنی وێنەم هەستی خنکاوم

چلون دەپژێنی بۆغەم لێوی درواوم

ئەوەندە چاوەڕێی پێکهاتی هیوا مام

لەگۆڕیشدا دەڵێم با لێك نەنێم چاوم

دەبێ تا هەم لەئەستۆی خۆمی دانەرێم

گوناهێکی بەکوردی دیومە بیستوومە دواوم

ئەگەر وێنەم دەکەیتە بەڵگە بۆ ژینم

بەکام وێنە بەکام بەڵگێك ژیاوم

(نووری)

ئازیزان ئێوەی هێژا کە وەدی هێنەرو رۆشن

کەرەوەی دوا رۆژی هومێد هیوای

هەزارانی وەك هەژارو هێمن‌و ئاوات‌و

خاڵە مین‌و هێدی‌و عەتری گلۆڵانین.

گیانەکەم، لەحزە دەڕوێن زۆرو کەم! من لەبن دیواری کۆنی ساڵەکان! وەك مەلی یەخسیری باڵ‌و پەڕشکاو چاو لەڕێچکەی تێپەڕی ئاوا لەکانم. ئێوەن کە نەزم‌و ئەندێشەی کەون لەقاڵبی نوێدا دادەڕێژن‌و ئێوە میراتگری پێشینانن داوان، ویستن، هەستن، چابوکن، پتەون، ئازان، زانان، لێزانن، بوێرن بەهەرەکەن، بێ ڕکەن.

بەڵام منی دوورە پەرێزی بێ هاوڕازی، لانەواز کە نەوای دڵتەزێنی رۆژگارم، کڵی سووتاوی دوا کۆچی هەوارم، تکەی فرمێسکی چاوی چاوەڕێیان شەمی خامۆشی بن کێلی مەزارم بێ هێز..

دەستی لەرزۆکم دەئاڵێنمە گەردنی پڕ خاڵ‌و میلی شیعرو ئاواتەکانم بەڵکوو برووکێکم گوڕوتینی لاوەتی تێوەگەڕێ. بەداخەوە دەستی لەرزۆکم لەگەردنی ئەوانیش گیرنابێ، هەست‌و بیروڕام تووڕەو تۆراون! هەرچەنەو چۆکم لێك دەکەن سلاو.. زۆر لەمێژە بەتەنێم، پاوپێڵاوی دەروژوور لێبڕاوم (شل‌و شەوێقە شەقاوی بێ هێز، خاوو) خلیسکی رێی گۆڕە هەنگاو! دوور لەخەڵك هاودەمی کتێب‌و پەرتووکم بەدڵ هەر ئەوەم وابووم. لەکونج‌و قوژبنی تەنیاییشم، هەزار جۆرە نەخۆشی بوونە ئاوڕێشم.جێگەی ساغ کەمن، هەر

ساتە دەردی دەردێکم هەڵمدەکاتێ، هەر دەردە بەنۆرەی خۆی باوم دێنێتێ، زۆر جار تاووتێی نەخۆشی وام تەنگ پێهەڵدەچنێ دەست لەهەموو بوونو ژینێك دادەشۆرم، کەچی هەر دوور دنۆرم، داش ناکەومو دەڵێم: هەرچەندی رێی ئومێدم بەستەڵەکی بێغەمی دنیا لەسەر شانم کەڵەکە بێ!

دەبێ هەنگاوی هیوام توندوتیژکەم: نەیار با هەر لەدووم بکشێو پەدەگربی. خۆ دەزانم چەرخو گەڕی زەمان لێم بەرقدا چووە هەر ساتە رەنگێکم بۆ دەنوێنێ کە من نەپێی دەگۆڕێم نەپێی دەدۆڕێم. (زەمانە هەردەمێ رەنگی دەڕێژێ! هەرچەندی مەینەتە بەمنی دەچێژێ! هومێدێکی لەژینا پێك نەهێنام، هەزار هیوام بەرۆژێکی دەنێژێ) رەنگە بەختی سوێرم ئەو هەڵسوکەوتەی بەدرێژایی تەمەنم کردبێتە سەرباری، باری گرانی لەشی شەکەتو نیوە گیانو جەستەی مارانگەستەم. بەپێدزە سەد دەرکی لێدەگۆڕم لاوازی خۆمی لێوەشێرم، کەچی لەشی فێرە ئازارم بێدەرد هەڵناکا، هەمیسان راسپاردەو هەواڵانی بۆ دەنێرم، دەڵێم هەم، با وانەزانێ پێی ناوێرم. دار پیردەبێو جارێکی دی بازی رازی لەسەر دەنیشێ.

**(داری لەسەر بەردی نەمێنی دەروون**

**(موحەمەد نووری)**

**نایکەمە حاشاری مڵەو مشكو مار**

**بەرگو بەری پاکی بەرێ بای خەزان**

**هەر بەتەمای ژیانەوەیە پیرە دار))**

ئێستاکە منی پیرو زورهان وەك کۆنە وێرانەیەك وام تەنانەت کوندیشی لەسەر هەڵنانیشێ. هاوار دەکەم (ئەوین توخوا لام لێ لادە؟! ماڵی دەروون شەقەو شڕۆڵێ؟ ساکە دەشتێکی بەربادە؟ خۆ تابییە کوندی کاولی چۆڵێ؟! ئەوینو ئاوات بژوێنیان بژیوە نەك کاولو کڵێسیان پەسیوە).

گەنجو لاوەکانی کۆڕی ئەدەبی بۆکان یادتان کردوم سپاستان دەکەم. بەوەی کەیف خۆشم کە ئاژاو دەنگدانەوەی ئەو هاوارانەی لەتافی لاویمەوە لەناخی شیعرەکانمدا وەك هەواڵێك لەهەندەرانو برێکیان لەگەرووی زەماندا قەتیس مابوون، باڵیان گرتووەو هاتوونەوە لام بەگوڕن، بەتامو چێژن ئەوەندی بێژن بەسەر بەرزی رۆژباشو ژیان باشم پێدەڵێن رێزیان لێدەگرمو لەئامێزیان دەگرم من نە ئەوەندەم تواناو قودرەت ماوە کە بتوانم وەڵامی هەستی ناسکی ئێوەی ئازیز بدەمەوە، نەجیسیشم یاریدەم دەدا بەو هەنگاوە شلانەوە، بەپیرتانەوە بێمو خۆتان لەسەر بگێرم. ئێوە رێبوارانی رێچکەی شیعرو ئەدەبی کوردی، لەو بەرهەمانەی کە دیاردەی غەمو هەڵسوکەوتی ژینمنو بەهۆی پێوانی رێگەی دوورودرێژی زەمان تۆزلێنیشتوو و ژەنگاوی بوون! لەئێوەم دەوێ وەك رۆڵە کوردێکی ئازا بیبانتەکێننو مشتوماڵیان دەن. لەکۆڕو کۆبوونەوەکانتاندا هەیاران یادوو کردم چەند بەستەو دێڕانیان لێوە خوێنن، دڵم شادکەنو وەم حەسێنن. هیوادارم سەرکەوتوویی گەنجو لاوەکانی کۆڕی ئەدەبی کوردی بەچاوان ببینمو بیکەمە تێشووی رێگەی دواڕۆژم. ئاسۆڕوونە هاکە تاریکی رەوی سکڵو پشکۆو بزوت بزوت بزەی هاویشتە لێومان.

من بەشی خۆم خواردووەو دڕیوە، نە بەتەمای مانم بە بەهومێدی وانم. ئێوە هیواو هومێدی منن کە لەڕێبازی فەرهەنگو ئەدەبی کوردی کەژوو، کەندو کۆسپان دەپێون. جارێ من لەگەڵ خەمو دەردان ملەی دەکەم، مەچەك دەنگێوم. هەر کاتێ بەتەنیا مامەوە، وەك باڵندەی پەڕو باڵ شکاو سەر دەنێمە بن باڵمو دەکەومەوە بیرەوەری هاوڕازە رەوییوەکانو هۆنراوە نەدیوەکانی! لەمەوبەرو بیردۆزی وردە ئاواتەکانم دەکەم تا دەگەمە 4 ساڵی رابوردوو کە دەڵێم:

لەسەر بستووی ژیان وەك داری چاكی — بەتەنیا مامەوە بێ بەرگ و بێ بەر
گەڵێ بێ تین ترە تاوی هومێدم — لەزەردەی ڕۆژبەڕی مانگی خەزەڵوەر
شەوی تاریك وەرە بكشێ بەسەرما — كە ئامێزت پەنای ڕۆژگار ڕەشانە
وەكووژێنە چرای ئەستێرەكانت — كەڕوو زەردیم لەبەر تالح گەشانە
لەگەڵ ڕۆژی هومێد ئاڵێكە هیوام — وەكوو سێبەر لەڕووناكی ڕەویوم
هەناسەی لێبڕا بای فێنكی ئاوات — بەكوورەی داغی حەسرەت دا چزیوم
بەدەستەكوتە دەرودیوارو قوژبن — هەتارو چنەی نەجات بست بست دەپێوم
بزانم تیشكی سەربەستی لەكوێڕا — دەدا شۆقی بزەی داوێتە لێوم
برۆ ئەی شەو وەرە ئەی ڕۆژی هیوام — لەچاڵاوی بەڵاو دیلیم دەرێنە
لەسەر تسنی فەنای ئاواتەكانم — پەڕۆی ئاڵای هومێدم ڕاوەشێنە)

ئێستا دوای 77ساڵ تەمەنی پڕ لەهەورازو نشێوو ژیان بەهەموو خۆشیو ناخۆشیو ناكۆكیەكانیەوە ئاوا دەدوێنم:

قامیش نیم بم دروون هەڵدەمەوە، بمكەنە بلوێر دەنگدەمەوە دەمی لاوەتیو جوامێریو هێزی دەمارو ماسولكەی بازۆڵەكانم جێگەی خۆیان داوە بەقاپووڕێكی وشكو بێتین. ناتوانم ناڵەی نەی بم لەسەر لێوان بم بۆ هەڵپەڕكێی سەر بزێوان دواخوین هەودای تاڵی ماشەری ژینم لەسەر گلۆڵەی ڕابوردووم هەڵكراوە. مشتێ چڵو چێوجێگەی خۆمو هەستو بیری گرتووم. ماوەی 35 ساڵە، سندم كراوم، دەرو، ژوور لێقەدەغەو قۆڕغ كراوەم. ئێستا چۆنە یادكراوم. نامەوێ بەویستی وان یادم بكەن. داش دامەنیم بە دار، بەدار ئاغا بكەم. دەستم لێدەن هاوار دەكەم..

نەكەن دەستم كەنێ، لەیاران هەر من ماوم بەتەنێ.

دییاریو خەڵاتم مەدەنێ. بابو خۆمو گەلم بژیم. بۆ كەسی دیم مەژییەننەوە. كوا تازە من بەبای، نەیار تەیار دەبم. بەفەرمانی وان نابمەوە، بەویستی وان ناژیمەوە لەمیحرابی وان نادوێمەوە. گەلو وڵاتی خۆم دا شدارمە خەتی حاكم ناخوێنمەوە. جادەڵێم: خۆشەویستەكانم!

(كە مردم بێ هەواڵ، تەنیا، ئەتۆ خۆش — مەڵێ بێوادە مرد، نەژیا، ئەتۆ خۆش
سەدان ئاواتی ئاوارەم بەجێهێشت — لەگەڵ خۆم برد هەزار بریا ئەتۆ خۆش
كە دیتت ساڵی دی كاتی بەهاران — هەور بۆ ژیانەوەم گریا ئەتۆ خۆش
كە ڕایدا هەوری ئاواتو نەباری — بڵێ: تا ساڵی دی دەریا ئەتۆ خۆش
لەسەر بەرزی وڵات نزمیم گەڵێ دی — ئەوی كێشام لەڕێت جزیا، ئەتۆ خۆش
(انالحق) گۆ دەكوو مەسووری حەللاج — سەرم بڕوا لەسەر دارا ئەتۆ خۆش
چبوو؟ ساتێك بەدڵشادی ژیا بام — كە من نەمدی كوڕی ئازا ئەتۆ خۆش
كەوا میق هەر كوتای ئاسن بەساردی — نەسووتا دڵ بەوی عەزرا ئەتۆ خۆش
كە مەم زەینی، بەزینێ ڕوون نەبۆوە — گوڵندام لای لەبارامدا ئەتۆ خۆش
كە مەجنوون وەسڵی لەیلای بردە بن گڵ — لەگۆڕیشدا دەڵێ: لەیلا ئەتۆ خۆش
هەتا بێستوون بەسەر بەرزی بمێنێ — هەزار فەرهاد لەوێ نێژرا ئەتۆ خۆش
كە بانە (ئەربەبای) بانی هەوابێ — كەلیخان باكە سیرەمكا ئەتۆ خۆش
هەتا داشا مەجید داشداری شارە — مەهابادی لەباوەش خا ئەتۆ خۆش
كە (ئاڵشكێنە) ناڵەی دڵ بشكێنە — دەڵێم ئاویدەرت ئاوا ئەتۆ خۆش
كە نووری سەر بەسەر دار ماڵی غەم بێ — دەڵێم كۆگای گەلی زانا ئەتۆ خۆش